www.kurdistannet.org
3-6-2007 21:20بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# عیشق ... گەشبیر ئەحمەد

ساڵەهایەک ساویلکە بووم
عەشقێکی وێڵ.. شێتی کردم
چاوەڕوانی
خوونچە گووڵێکی نازک بووم
یەکەم شیلەی عیشق و جوانی
لە نێوخانەی دڵما دانێ؛
وەکوو ئاسۆ گەرهەڵهاتی
پێڵوی چاوومت بۆ ڕائەخەم..
خۆشەویستم
عەیامێکە لە من دووری
دڵنیابە
بۆ چرکەیەك لە بیر ناچی
خۆت دەزانی
ساتێ بێ تۆ ئۆقرە ناگرم
بێ تۆ ئەمرم..
لەبیرت دێ ئەو ڕۆژانەی
کە تۆم دەدی.. وەکو ساوا
گڕو گاڵم لێ دەباری
وەکو لاو لاو
بە جوانیتا هەڵ دەزنام؛
دەروێشێکی ماندووی عیشق و ئەڤینت بووم
بەدوای دەنگوو.. سەدای تۆدا
سەر گەردان بووم.

Gashbir@hotmail. com
2007 / 02/14

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.